## هەواڵ:

### 40 هەزار واژوو بۆ گۆڕینی مادەی 7 پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان کۆکراوەتەوە

وەرگیراوە لە:

http://www.kurdistanonline.net/news.php?newsid=8111#

27-03-2007

/تاریق کەرکوکی/ بەیانی ئەمڕۆ شاندێک لە داواکاری گۆڕینی ماددەی 7ی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان کە پێک هاتبوون لە پەرلەمانتار سۆزان خاڵە شەهاب و هۆزان مەحمود و ستیڤان شەمزینانی سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کرد، لە لایەن لێژنەی نووسینەوەی دەستور لە پەرلەمانی کوردستان پێشوازیان لێکراو لێژنەکە داواکاری کەمپینی نارەزاییان لە بەرامبەر بە ماددەی 7 لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان دایە لێژنەکە کە 40 هەزار واژوو بوو کە بۆ گۆڕینی ئەم ماددەیە لە کەمپینێکدا ئامادە کرابوو، لە لایەن لێژنەی نوسینەوەی دەستوریش بەڵێنی بەرزکردنەوەی داواکاریەکەیان پێدرا.

بەوتەی کەمپینی رێکخەری داواکاری گۆڕینی ماددەی 7ی پرۆژەی دەستور لابردنی ئەم ماددەیە بە عەلمانی کردنی دەستور دەگەیەنێت کە ئەمەش ژیانێکی ئاسودەو باشتر دەستە بەر دەکات.

هۆزان مەحمود ڕیگەیاند کە بەنیازن بۆ هەمان داواکاری سەردانی هەریەک لە تاڵەبانی و بارزانی بکەن. ستیڤان شەمزینانی هۆکاری گەڕانەوەیان بۆ حیزبە سیاسیەکان بەوە لێکدایەوە کە ئەندامانی پەرلەمان سەربەخۆ نین. هەروەها وتی" ئێمە لە گەڵ لابردنی سەرجەم بڕگەکانی ماددەی حەوتداین چونکە بڕگەی یەکەم و دووەم خۆی دژ بە بڕگەی سێیەمە لە ماددەکەدا.

لە بارەی زۆری بەدەستهێنانی پشتگیریشیان بەو ژمارە واژووە زۆرە شاندەکە هۆکاری ئەو پشتگیریەیان بۆ ئەوە گەڕاندووە کە کەمپینەکەیان لە ئاستێکی نێو نەتەوەییدا بووە.